# بەرەنگاری لەشیعرەکانی مەلا عەلی دا

**عەبدولواحید ئیدریس شەریف**

بەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**ئیمەیڵ:** Abdulwahid.idrees@koyauniversity.org

**پوختە:**

شیعری بەرەنگاری مەبەستێکی شیعرییە کە هەڵگری پەیامە و زیاتر گرنگی بەناوەرۆک دەدا، وشە و واتاکانی سادەن، بۆ ئەوەی مەبەستی خۆی بپێکێ کە چاندنی گیانی بەرەنگاری و جۆشدان و سازدانی کۆمەڵانی خەڵکە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش و بەرەنگاری دوژمنان، لەم توێژینەوەیە شاعیرێکمان هەڵبژاردووە کە نەوەک بەس بەشیعرەکانی بەڵکو بەگیانی خۆی ڕێبازەکەی پیرۆز کردووە، لەکاتی زیندانی و دوای دەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدانی کە پێشمەرگە و کادیر بووە و بەبرینداری بەدیل گیراوە، لەژووری زیندان ئەو شیعرانەی نوسیوە کە بۆتە ئامانجی توێژینەوەکەمان، توێژینەوەکە لەدووبەش پێک هاتووە، لەبەشی یەکەمدا، چەمک و پێناسەی مێژووی شیعری بەرەنگاریمان باس کردووە، لەتەوەرێکی تردا هۆکاری سەرهەڵدانی ئەو جۆرە شیعرەمان باس کردووە، هەر لەو بەشەدا باسمان لەزمان و شێوازەکانی دەربڕینی شیعری بەرەنگاری کردووە، لەبەشی دووەم کە لەسێ تەوەرە پێک هاتووە، لەتەوەرەی یەکەم ئەو بابەتانەمان خستوونەتە ڕوو کە کەرەستەی شیعری بەرەنگارین وەک (پێشمەرگە، شەهید، شۆڕش، ڕاپەڕین ..... هتد)، لەتەوەرەی دووەمدا پوختەیەک لەژیانی شاعیری پێشمەرگە و شەهیدمان باس کردووە، کە نمونەی ئەو شۆڕشگێڕانە کە لە مێژووی گەلان نموونەیان کەمە، لەتەوەرەی سێیەمدا چوینەتە ناو کاری پراکتیکی توێژینەوەکەمان ئەویش بە شیکردنەوەی چەندان نموونەی شیعری ئەو شاعیرە کە دوای بڕیاری لەسێدارەدانی شیعرەکانی لەسەر کاغەز و بەرگی پاکەت و شقارتە نووسیوە، لە ڕۆژانی چاوپێکەوتنی خانەوادەکەی لەزیندانی موصل، شیعرەکانی پێداون و لەزیندان دەربازی کردوون و گەیشتۆتە شاخ و چاپ و بڵاوکراونەتەوە، لەکۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانمان و پوختەی توێژینەوەکەمان بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسیوە، کارمان لەسەر میتۆدی شیکردنەوە و مێژووی کردووە.

**کلیلە وشەکان:** بەرەنگاری، شۆڕشگێڕیی، هیوا، گیانبەخت کردن، ئازادی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## بەشی یەکەم:

### تەوەرەییەکەم:چەمک و پێناسەی شیعری بەرەنگاری

شیعری بەرەنگاری وەک و چەمک و زاراوە لەسەردەم و باروودۆخێکی نا سروشتی و نەخوازراو لەڕۆژئاوا سەریهەڵداوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو جۆرە شیعرانە دەگرێتەوە، کە میللەتێک یان نەتەوەیەک دژ بەداگیرکەر یان دوژمن دەینوسن، واتە نەتەوەیەک مافی لێ زەوتکرابێت، هەناسەی ئازادی لێ کەلەپچە کرابێت، ئەم جۆرە شیعرە بەرهەم دەهێنێت، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە شیعرە لەکاتی خۆیداراستەوخۆ نەگواسترایەوە ناو ئەدەبیاتی کوردی، بۆیە نەتوانراوە وشـــەیەکی تەواو و یەکگرتوو و پڕ بەپێســـتی خۆي بۆ دابنرێت، بۆیە دەبینین، لەبەرانبەر دا،چەندین وشەی جیاوازی بۆ دانراوە.

(( لەسەرەتای دەیەی حەفتاکاندا وشەی"بەرگری" کە لە زمانی کوردیدا بەواتایخۆڕاگرتنی شت لەژێر بارێکی گراندا، هەروەها بەرانبەر دوژمن وەســتان و خۆڕاگرتن دەگەیەنێت، لەبەرانبەر وشـــەی "مقاومە" ی عەرەبی بەکاردەهات، لەکاتێکدا وشـــەی "مقاومە" لە زمانی عەرەبیدا تەنیا بەرگری و خۆڕاگری و ســـلبی ناگرێتەوە، بەڵکو کرداری "قام" بەمانای وەســتاو و جێگیری و بەردەوامبوون، واتەڕووبەڕوو بوونەوەی شـانی بەشـاني دان، کەرتکردنەوە، یاخیبوون و شۆڕش دەگرێتەوە)) ( خۆشناو، 2002، ل31).

بەرەنگاری لە زمانی ئینگلیزی Resistance واتا وەستانەوە دژی داگیرکەرانی وڵات (البعلبکی، 1999).

لەزمانی کوردیدا وشەی بەرگری تاڕادەیەک هاوواتایە لەگەڵا وشەکانی: خۆڕاگری، شۆڕشگێڕی،بەرپەرچدانەوە، بەگژداچونەوە ...هتد.

لە زمانی فارسیشدا وشەی (مقاومت) بەکاردێت بۆخۆڕاگری و راوەستان ڕووبەڕووی ناحەزانی وڵات (معین، 1378، ل4286).

ئەم وشـانە بەڕوونی لەبەرهەمی شـاعیران و نووسـەراندا دەبینرێت، کەهەر شـاعیرە و بەپێی حەز و ویستی خۆی زاراوەیەکی بەکارهێناوە، بەڵام هەمویان چەقێکی واتایي جێگیریان هەیە.

(هـەژارموکریـانی)لـەفـەرهـەنگیهـەنبـانـەبۆرینـەدابۆوشـــــەیبـەرەنگـاریوشـــــەکـانی (( دفـاع، مقـاومـات، بەرگری ))بەکارهێناوە.(موکریانی، 1368، ل58).

بەڵام لەرووی زاراوە (هۆنراوەی بەرەنگاری) چەمک و مەبەســـتێکی تر دەبەخشـــێت هەرچەندە جۆرە نزیک بوونـەوەیـەک لـەنێوانیـانـدا بـەدی دەکـەین، بـەڵام وەکو بـەرهـەمێکی ئـەدەبی راو بۆچوونی جودا دەربـارەی هەیە،چونکە شـــیعر لەهەموو جۆرە ئەدەبیەکانی تر کاریگەرتر دەبێ بەو گۆڕانانەی کە بەســـەر کۆمەڵگا و میللەتەکاندا دێت، بۆیە ((ئەدەبێکە بەرگریکەران خۆیان لەناودا دەبینن و لەناودا دەیانبینن و هەموو خەڵک هەستیان پێدەکەن، ئەم ئەدەبە لەناو ئەزموونێکی قوڵی مرۆڤایەتی پەروەردە بووە، ئەویش ئەزموونی جەنگ و بەرگرییە، ئەدەبی بەرگری تاکە ئەدەبێکە لەنێوان ئەدەبە مرۆڤایەتییەکاندا بەگشـــتی، چونکە لەباروودۆخێکی ناسروشتی دێتە بەرهەم)) (دار الفارابی، ، ل19).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

ئەدەبی بەرەنگاری پێناسەی زۆرە و نووسەران و ئەدیبان هەریەکە و بەجۆرێک پێناسەیان کردووە، ئەمەش بۆ جیاوازی شوێن و ئاستی ڕۆشنبیری و شارستانی دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت شیعری بەرەنگاری بناسێنین، ئەوا ناتوانین بەئاسانی پێناسەیەکی یەکگرتووی بۆ دابنێین، واتە ناکرێت سنورداری بکەین، چونکەباروودۆخی جیاواز و سیستەمی سیاسي جیاواز کار دەکاتە سەر میللەتان، لەرووی روانینیان بۆ ناساندنی چەمک و بەهاکانی بەرەنگاری.

(( شیعری بەرەنگاری، ئەو شیعرەیە کەوا داوای ئازادی و بەگژداچونەوەی خۆسەپاندن و داگیرکردن لەلایەک و دەنگی پیا هەڵدانە، بەبەهای ئازایەتی و پاڵەوانی و خۆبەختکردن و یەکێتی، شیعری بەرەنگاری ئەو چەکە بەهێزەیە، کە سەرجەم میللەت دەتوانێت شەڕی ناحەزان و داگیرکەرانی گەل و نیشتمانی پێبکات، لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەدا دوژمنی پێ ببەزێنێت)) (شەریف، 2005، ل12). بەرەنگاری جۆرێکە لەبەرپەرچدانەوەی هەموو شێوەکانی چەوسانەوەو ستەم و زۆرداری و داگیرکاری،گەڕانە بەدوای بەدەست هێنانی ئازادی و ڕەتکردنەوەی واقیعە، شیعری بەرەنگاری شوێنی زرێ و تفەنگ دەگرێتەوە و ڕەنگەهەندێک جار لەوانیش بەهێزتر بێت،چونکە کاریگەری چەکی گەرم دوای بەکارهێنانی تەواو دەبێت، بەڵام کاریگەری ئەو شیعرە درێژەدەکێشێت و گڕەکەی بەئاسانی دانامرکێتەوە و چەکێکە هەموان دەتوانن بەکاري بهێنن دژی دوژمن.

بەرەنگاری ڕەنگدانەوەی خەباتی گەلێکە لەدژی دوژمن و داگیرکەردا، ئەم جۆرە لەئەدەب لە سەنگەری بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرانەوە دەنوسرێت و هەڵدەقوڵێت.

بەر لەوەی باس لە ڕۆڵی شیعری بەرەنگاری بکەین لەئەدەبی کوردیدا دەبێت ئاماژەیەک بەئەدەبی بەرەنگاری میللەتانی ڕۆژئاوا بدەین و کەلەدوای هەردوو جەنگی جیهانی چەندان شاعیر و نووسەر بە بەرهەمەکانیان بەرەنگاری شەڕ و خراپییەکانی شەڕ بوونەتەوە، وەک (ئاراگۆن)ی فەرەنسی ((کە خۆی وەک یاریدەری پزیشک بەشداری جەنگەکانی کردووە، شیعرەکانی بەرگری بووە لەگیانی بێ توانایی فەرەنسیەکان و هاندانیان دژی نازییەکان)) (مجلة الگريق البنانيه، 1971، ل319).

شاعیر و نووسەرە نیشتمان پەروەرەکانی ئەڵمانیش بەرەنگاری فاشیزمەکان بونەتەوە و لەم پێناوەدا ((زۆریان لێ بەند کراوە و ئازاردراون و کوژراون و لەسێدارەدراون و بەشێکیشیان چونەتە دەرەوەی وڵات، نموونەی نووسەری مەزن (برێخت) و شاعیری هاوچەرخ (ئاریش فرید) ڕۆمان نوسی بەناوبانگ (تۆماس مان) و چەندانی تر)) (الشعر السورة، ، 196)

ئەدەبی بەرەنگاری لەسەردەمی دەسەڵاتی قەیسەری لەوڵاتی رووسدا ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لەبەرەنگاربوونەوەی ئەو زەبر و زەنگەی کە دژایەتی هەموو دەنگێکی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازی دەکرد ((قەیسەرییەکان لێدانێکی توند و تیژیان ئاراستەی هەموو ئەو شاعیر و نووسەرە پێشکەوتنخوازانە دەکرد کە وێنەی ژانی گەل و ئازار و خەباتە دادپەروەرییەکانیان دەکێشا، تا رادەیەک قەیسەر خۆی دژایەتی (پۆشکین)ی شاعیری دەکرد، بەڵام (پۆشکین) وازی لەگەل و خەباتەکەی نەهێنا دژی زوڵم و ستەمی کۆمەڵایەتی)) (دار الفارابی، ، ل28).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

هەموو ئەو گەلانەی کە بەدرێژایی ڕۆژگار ڕووبەڕووی ســتەم و چەوســانەوە و خاک داگیرکردن بوونەتەوە لەنمونەی گەلی ڤێتنامی و فەلەســتینی بەرهەمێکی زۆری ئەدەبی بەرەنگاریان هەیە ((شــیعری شــۆڕش و بەرگری ڤێتنامی لەرووی چەندێتی و چۆنییەتییەوە شــیعرێکی زۆر گەورەیە و نزیکی بەدوو ســەدەیە، جا شــیعری میللی بێ یا گۆرانی یا شــیعری شــاعیرە جەنگاوەرەکان، دیارترین ناو لەمانە (جیانج تاج، وفین فونج، سانا های) شاعیر (هۆشی منە) خۆشەویستتر و بەرێزترین کەس بووە لەوڵاتەکەیدا: کۆپلەیەک لەشیعری (سانا های) دەخەینە روو بەناوی ۆرانی بۆ جەنگاوەران:))

خاکمانیان تالان کرد و کەوتە ژێر دەمی هەوجاڕەکانیان

ماڵەکانیان خاپوور کردین و کردیانە بنکەی سەربازی

بەتوڕەییمان گریان ناڕوا و

داوای بەزیی و فریاکەوتن دەرگای رزگاری ناکاتەوە (غالي شوكري، 1969، ل5-6)

هەندێ بۆچون پێیان وایە دەبێ شــاعیر ڕاســتەوخۆ بەشــداری پرۆســەکە بێت و وەک جەنگاوەران لەســەنگەردابێت و نەوەک لەدوورەوە هۆنراوەیان بۆ بهۆنێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەش دەیان شاعیر و نووسەر هەن کە ئەدەبی بەرەنگاریان نووسیوە و رۆژێکیش نەچونەتە سەنگەرەکان، بەڵام بەهەست و بیر لەگەڵ جەنگاوەران ژیاون، گەرچی شــاعیر و نووســەران تا نزیکتربن لەرووداوەکان وردتر دەچنە ناو بابەتەکە و کاریگەریان زیاتر دەبێت لەلای جەنگاوەران، چونکە لەگەڵ ئازار و ناسۆرییەکانیان دەژین.

شاعیر لەڕێگەی شیعرەکانییەوە بانگی خەڵک دەکات بۆڕزگاری، بۆ خۆدانە بەر تیشکی ڕوناکی و ئازادی و ڕەتکردنەوەی تاریکی و بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی داگیرکەران، واتە هەوڵدان بۆ هاندان و ئازایەتی و قارەمانێتی وقوربانیدانی یەکێتی کۆمەڵانی خەڵک.

بەرەنگاری بەماناگشتییەکەی، بریتییە لە بەرەنگار بوونەوەی هەموو ئەو هێزو دەسەڵاتانە، کە هەوڵی دەست بەسەراگرتنی نەتەوەو مافەڕەواکانی گەلێک دەدەن،

شــیعری بەرەنگاری بەتەنها دژی داگیرکەرانی نەتەوەو نیشــتمان نابێتەوە، بەڵکو دژەهێرشــیش دەکات، دژی شــێواندنی مێژوو کەلتورو زمانی نەتەوەکەی و هەوڵی پاراســتنیان دەدات، کە لێرەشــدا شــاعیر جگە لە داواو مافەڕەواکانی نەتەوەکەی داوایەکی تری نییە .

"ئەندری بلانشار" لەم بارەیەوە دەڵێت: (( ئێمەچاک دەزانین، تەنها خاک و گوندو سەرو سامانمان ناکەوێتە بەر هەڕەشەی لە ناوچوون، بەڵکو هەستمان،بیروباوەرمان، زمانمان، بلیمەتیمان کە قوڵترین ڕازە ئەو شتانەش دەگرێتەوە کە ناگەیەنرێن، بۆیە شیعری بەرەنگاری شیعری ناڕەزایی و داکۆکي کردن لە ئازادی زەوتکراوە، جۆرێکە لە دژە هێرشی ڕۆشنبیری بەرامبەر ڕۆشنبیری داگیر کردن ))(ادۆنيس، ، 1972، ص17).

هەموو ئەو شــیعرانە دەخرێنە خانەی شــیعری بەرەنگاری، کە دەربارەی کۆنەپەرســتی و نەخوێندەواری و دەرەبەگایەتیی و کۆیلایەتی ژنان دەنوســرێت، هەندێک لە لێکۆڵەران ئەو شــیعرانە بە شــیعری بەرەنگاری



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دەزانن، کەرەخنە لەدامودەزگاکانی ڕژێمێکی دیکتاتۆری دەگرن، بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕەتی دەکەنەوە، خۆیان بەرنامەیەک دەخەنەڕوو، کە لە خەیاڵی شـــاعیرانەی خۆیان خوڵقا بێت، بەڵام هەندێک لێکۆڵەری تر،هەر ئەو شـــیعرانە بە شـــیعری بەرەنگاری دەزانن، کە دەقەکانی لە نێو بزاڤی چەکدارانە و لەنێو ســـەنگەر و لەکاتی بەردەوامی شەرلەدژی دەسەڵاتی داگیرکەران و ڕژێمە دیکتاتۆرەکان نوسرابێت .

شـــیعری بەرەنگاری هەوێنی مەکۆی جۆشـــدانی خەڵک و بەشـــداریەکی کاریگەرە لە بزوتنەوەیڕاپەڕینەکانی ستەم لێکراوان.

هۆنراوەی بەرگری و بەرەنگاری چەکێکی کاریگەرە، ورە بەرزی دەدات بەهەڵوەدایی ئازادی و گەل و وڵات، ((شیعری بەرەنگاری شیعرێکی شۆڕشگێڕییە و لەئاستی جولانەوەی شیعری رۆڵە شۆڕشگێڕییەکەی دەبینێ، هەروەها لەئاســـتی خەباتی رۆژانەی جەماوەر دژی داگیرکردن و راوەدونان لەناو ریزەکانی جولانەوەی شـۆڕشـگێڕی جەماوەر دەجەنگن، زۆر جاریش نرخی شـۆڕشـگێڕییەکەیان قورسـترین سـزایە)) (قصـی، ، ل278)

شـیعری بەرەنگاری لەکاتی شـۆڕشـی نوێی گەلەکەماندا ( ئەو شـۆڕشـەی لەدوای نسـکۆی شـۆڕشـی ئەیلوول لەساڵی 1976 هەڵگیرسا) هاودەم و هاوڕێی پێشمەرگەبووە، لەبڕینی هەوراز و نشێوبەزاندنی هێڵەسوورەکانی دوژمن، شـــیعری بەرەنگاری دەنگێگی بەرزی بەســـۆز بووکەهەڵگری هەســـتی نەتەوەیی هێجگار بڵندبوو، کەمیللەتی بەخەبەردەهێناو لەکاریگەری داگیرکەر ئاگاداری دەکردنەوە.

ئەرســەڵان بایز لەم بارەیەوە دەڵێت: (( ئەو ڕۆژانەی شــیعری بەرەنگاری یەخەی ڕۆڵەکانی کوردی دەگرت و ڕای دەچڵەکاندن و داوای ڕاپەڕین و تۆڵەی لێ دەکردن،پەڵەی ڕەش و شەرمەزاری لە نێوچەوانەی داگیرکەران و دوژمنان دەنەخشاند)) (بایز، 2001، ل43).

شـیعری بەرەنگاری بەشـێوەیەکی دیار و ئاشـکرا کاریگەری تەواوی لەسـەر بزوتنەوەي بەرەنگاری نەتەوەکە دەبێت،چونکە ئەم جۆرەشیعرە جیاوازە لەجۆرەکانی تر شیعر، بەتایبەتی ئەگەر شاعیر خۆی لەسەنگەردا دژی دوژمن بجەنگێت و بەجارا دوو چەک ئاراســـتەی داگیرکەر بکات، کەچەکێکیان تەنها توانای ئەوەی هەیە ئازار بەجەستە بگەیەنێت، بەڵام چەکی دووەمیان کە فکر و خەیاڵ و نووکی قەڵەم پێکەوە بەرهەمی دەهێنن،دەتوانن قەڵای ئومێد و هیوای دوژمن بروخێنن. (( کاتێک کە جەنگاوەر شاعیرە و شاعیریش جەنگاوەرە، وشەکانی ئەو شـــاعیرە ئەوەنەیگوللە کاریگەرە و تامیشـــی تامي خوێنە،چونکەتەنها شـــیعرەکانیان جەنگاوەر نییە، بەڵکو خۆشیان جەنگاوەرن )) (خۆشناو، 2002، ل34).

ئەو شــاعیرانەی کە خۆیان لە مەیدانی خەبات دەجەنگن وشــەکانیان کاریگەرترە بۆ جۆشــدانی جەنگاوەران و لایەنگرانیان ،وەکوو هەڤاڵ کوێســـتانی دەڵێت (بەرەنگاری ئەو هێز و دەســـەڵاتانە دەبێتەوە کە دژی بوونی نەتەوەیی و ســـەربەخۆیی نیشـــتیمان و دژی ویســـت و داخوازیە رەواکانی میللتێک دەوەســـتن و هەوڵدەدا بە وشەکانی خۆن گیانی خۆڕاگری و فەرەنگاری قوربانیدان لای کۆمەلانی خەڵک جۆش بدات( کوێستانی، ، ).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

زۆربەی گەلانی دونیا لەم جۆرە شـــیعرە بێبەش نین، بەتایبەتی گەلانی ســـتەملێكراو و خاك داگیركراو، بۆنموونەنەتەوەی كورد ئەگەر چاوێك بەمێژوویدا بگێڕین ئەوا بۆمان دەردەكەوێت كەلە زۆربەی قۆناغە مێژووییەكانیدا داگیركراو بووە و لەژێردەستی وڵاتە زلهێزەكاندا بووە، هەوڵی لە ناوبردن و پوكانەوەی دراوە، بۆیە ئەم داگیركردنەش بووەتە هۆی ئەوەی كە شـــاعیری بەرەنگاری خۆی بهاوێتە ناو ئەدەب و زۆربەی شـاعیران گرنگی پێ بدەن، كەهەندێكیان بەشـێوەیەكی ڕاسـتەوخۆ و هەندێكي تریان بەشـێوەی ناڕاسـتەوخۆ، بەرەنگار بوونەتەوە و داوای بەدەستهێنانی ئازادی و مافیان كرد.

## تەوەرەی دووەم:هۆكارەكانی سەرهەڵدانی شیعری بەرەنگاری

ژیان بەمانا مرۆڤایەتییەكەی لەوەپیرۆزتر و شیرینترە، كە خەڵك ڕقی لێي بێتەوە و بیگۆڕێتەوە بە مردن، بەڵام لای كەسێك كەبەهەموو مانای وشـەوەژیانی لێ زەوتكرابێت و ستەمكار نەخشـەو سنوری بۆ هەڵسوكەوت و ڕەفتارەكانی دانابێت، نەتوانێت بەئازادی ڕەفار بكات، بیرو بۆچونی بخاتەڕوو، ئەو كاتە ئەو جۆرەژیانە بێ مانا دەبێت و هیچ نرخێكی نامێنێت،چونكە ئەو كاتە ئەو مرۆڤە ناوی دەنرێت، ( دیل و ژێر دەســـتەو كۆیلە) لێرەوە مرۆڤی هۆشــیار و ســەركەش و ئازاد،ڕێگە نادات ســنور و پەرژین بۆچۆنێتی ژیانی دابنێن، بۆیەڕووبەڕووی سنوردانەرەكە و ستەمكار دەبێتەوە بۆ بەدەستهێنانی مافی خۆی.

نوســـینی هەردەقێكی ئەدەبی جاچ ( شـــیعر،چیرۆك،ڕۆمان ...هتد ) لەخۆوە نایەتە بەرهەم، بەڵكو هۆكارێكی ناوەكی یان دەرەكی هەیە، كە كار لەدەروونی نوســـەر یا شـــاعیر دەكات و دەبێتە هۆی وەبەرهێنان و چەكەرەكردنی ئەو بەرهەمە, هۆنراوەی بەرگری ناكرێت لەهەموو كات وســـاتێك بنوســـرێت، بەڵكو تایبەتە بە قۆناغ و سەردەمێكی دیاریكراو، كە مەبەستێكی گرنگی لەپشتەوەیە.

(( شـــیعری بەرەنگاری چ نوســـراو بێ، یاگوتراو،ڕۆڵێكی باڵای گێڕاوە لە هەموو جەنگەكانی ڕزگاركردن و بەگری دژی زوڵم و زۆرداری،بوونیشـــی كاریگەری بەرچاوی بووە، لە كۆكردنەوەی جەماوەر و خرۆشـــاندنی هەستی نیشتمانپەروەری و بەرزكردنەوەی ورەی تێكۆشەران، هەمیشە لەڕابردوو ئێستاشدا هۆیەكی كاریگەر بووە لە جێبەجێكردنی ئامانجێكی سەرەكی كە سەركەوتن و ئازادی بەشێوەیەكی گشتی دەگرێەوە )) (خۆشناو، 2002، ل52).

ئەو هۆكارەی كە كار لە نوسەر یا شاعیر دەكات، ناكرێت وابەستەی بكەین بەتەنها خاڵێك یا هۆكارێك، بەڵكو چەند هۆكارێكی گرنگ لەپشت ئەم دەقە ئەدەبییەوە خۆي حەشار داوە، ئێمەلێرەدا بەكورتی لێیان دەدوێین:

1 – **داگیركاری:** ئەمە شتێكی سروشتییە كە ئاژەڵە بەهێزەكان، ئاژەڵە بێهزەكان، دەگرن و دەیان كەنە نێچیری خۆیان و لەناویان دەبەن، ئەمە یاسای ئاژەڵەكانە،هەمان یاساگوازراوەتەوە ناو مرۆڤەكان، بەڵام بەشێوەیەكی



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

تر،گەل و نەتەوە بەهێز و دەسەڵاتدارەکان هێرش دەکەنە سەر نەتەوە بێهێز و بێدەسەڵاتەکان و دەیان کەنە ئامرازێک بۆ فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتی خۆیان .

داگیرکەر هیچی پێ نییە بیدا، تەنها کاری ئەو، وەرگرتن و زەوتکردنە، بۆیە دەبێت بەرگری ئەم شێوازە بکرێت، لێرەدا ئەو نەتەوەی کە زوڵملێکراوە، یان داگیرکراوە هەوڵدەدات لەسەر پێی خۆی بوەستێت، هەر تاکە و ئەرکێکی دەکەوێتە سەرشان (( شاعیران بە خامە و تفەنگەکانیان بەرەنگاری دوژمنانی نەتەوە دەبنەوە و تۆڵەی شەهیدانی نەتەوەکەیان لە داگیرکەران و زاڵمان دەستێننەوە، بە شیعرەکانیان، کەگوللە ئاسا دڵی دوژمن دەسمن ))(جەمال، 2014، ل39).

نموونەی شاعیرە نیشتمانپەروەرەکانی کورد کە ڕووبەڕووی داگیرکەران بوونەتەوە و بێ ترس و پەروا بەشیعرەکانیان هێرشیان کردۆتە سەریان وەک (بێکەی)ی نەمر لە 6ی ئەیلولی 1930دا کە دوای ئەوەی بەشداری ئەم ڕاپەڕینە دەکات و دەستگیردەکرێ، بەم شیعرە هەستی خۆی دەردەبڕێت:

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە

وەختی بەندییو ئەسارەت، پێ بەتەوق و کۆتەوە

من لەزیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم، وا تێنەگەی

حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە

بەو خودایەی بێ شەریک و لامەکان و واحیدە

عەشقی تۆ نەوعێ لەدڵما ئاگری کردۆتەوە (مەلا کەریم، 1980، ل17)

**2 – هەوڵدان بۆپاراستنی خاک و نیشتمان:** شاعیران و نووسەرانلەهەموو سەردەمێکداهەوڵیان داوە لەڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە هەستی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی خاک، لەناخ و دڵ و دەروونی نەتەوەکەیاندا بچێنن، ئەمەش لەڕێگەی بەرهەمێکەوە دەبێت، کەپڕا و پڕ بێت لە سۆز و عەشقی نیشتمان، بۆئەوەی بتوانێت کار بکاتە سەر دەروونی خوێنەر، (( ئەم جۆرە لەشیعر کاریگەری زۆری دەبێت، بەتایبەت ئەگەر نیشتمان لەجەنگدابێت، ئەوا لەڕێگەی وتنەوەی ئەم جۆرە لە شیعر، دەبێتە هۆي ئەوەی کە هەستی پاراستنی خاک و نیشتمان لە ناخی تاکی ئەو نەتەوەیەدا بجولێنرێت، وایان لێ دەکات بکەونە بەرگری، کەئەمەش ئامانجی شاعیرە )) (ئەبوبەکر، 2002، ل41).

نیشتمان هێندە ئازیز و خۆشەویستە وەک شێرکۆ بێکەسی شاعیر لەشیعری (نیشتمانم) دەڵێت:

ئەگەر دەستی ڕاستیان بڕیم



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

چەپ فێر ئەکەم

بۆ ئەوەی ناوت بنوسێ

چەپیان بڕیم ئەوا پەنجەی

قاچەکانم رائەهێنم

بۆ ئەوەی ناوت بنوسێ (بێکەس، 1978، ل177)

**3 – هەوڵدان بۆ ئازاد بوون:** سروشتی مرۆڤ وایە بە ئازادی دێتەژیان و دەیەوێت بە ئازادیش ژیان جێبهێڵێت، (( لەگەل ئەوەی مرۆڤ دەیەوێت، ئازاد بێت و هەوڵی بۆ دەدات، دەبێت ئەوەش بزانێت کە ئازادیش سنوری هەیە، کە ئەویش نەبەزاندنی سنوری ئازادی کەسي بەرانبەرە )) (سارتر، 2009، ل1).

ئەو نەتەوانەی داوای ئازادی دەکەن، ئەوا یان داگیرکراون یان زوڵملێکراون، بۆیە شاعیران و نووسەرانیش وەک چینێکی وشیار و ڕۆشنبیری گەل، لەبەرهەمەکانیاندا داوای چوونەژێر چەتری ئازادی و ئاشتی دەکەن، نەبا بە هۆی بارانی بەردەوامی زاڵمەکان نقوم ببن و ڕۆبچنە زەوی.

**4 – بەرزکردنەوەی ورەی شۆڕشگێڕ و ڕوخاندني ورەی بەرانبەر:** شیعری بەرەنگاری هەڵگری چیایەک لە هیواو ئومێدە، بڕوابوونەبەدواڕۆژ و هیوا بوونە بەنەمانی تاریکی و لێڵی و هەڵهاتنی ڕۆژی ڕوناکی نەتەوە، شاعیر لەکاتی نوسینی وشەکانیداگرنگی زۆر بەبەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕی نەتەوەکەی دەدات، هەوڵدەدات هێزی دوژمن بە بەقەبارە زۆر و بەکردەوەپوچ و ترسنۆک لەقەڵەم بدات، کە ئەمەش چونە سەنگەرە، بەڵام لەبری گوللە، وشەیگڕاوی ئاڕاستەی داگیرکەر دەکات، (( ئەم ئەدەبە کاریگەری زۆری هەبووە لە کۆکردنەوەی جەماوەر و وروژاندنی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ورەی تێکۆشەران، هەروەها لەڕابردوو و لە ئێستاشدا هۆکارێکی گرنگ بووە لەبەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەکەیدا)) (حسن پور، 1997، ل4).

**5 – تۆمارکردنی قارەمانێتی میللەتێک:** هەموو نەتەوەیەک ڕۆژێک شەڕبەرۆکی دەگرێت، ئەمە سروشتییە، جەنگ دەبێت،لایەک سەردەکەوێت و لایەکی دیکە شکست دەخوات، ئەمەش بەپێی تێپەڕ بوونی کات ئەگەر نەنوسرێتەوە لە یاد دەکرێت، وەک ئەوەی کە هیچڕوی نەدابێت،لەبەر ئەوە نوسین لەسەر جەنگ لێپرسینەوەیەکی مەزنە و هونەرمەند هەر خۆی لەو چرکە مێژوویانە بەرپرسیارە، هەر وەک ( ئەفەندی کاپاییێف ) لە یاداشتەکانی جەنگیدا دەڵێت: ((ئێمە لە کاتێکی قورس و مەزندا دەژین، ئەوەی تاکە دێڕێک بەڕاستی تۆمار بکات، موڵکی مێژووە ))(شوکری، 1979، ل89).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

جابۆیە کاتێک نەتەوەیەک قارەمانێتییەک تۆمار دەکات، ئەوا ئەرکی شـــاعیرانە لەڕێگەی شـــیعرەکانیانەوە بیرازێننەوە و بەبالآی ئەو ســـەرکەوتنەدا هەڵبدەن تا نەوە بە نەوە ئاگاداری قارەمانێتی میللەتەکەیان بن, شـــاعیرانی کورد زۆربەیان لەبەرەی گەلەکەیاندا بوونە و هەمیشـــە بەوشـــە هاوشـــانی تفەنگی پێشـــمەرگە لەمەتەرێزی کوردایەتی دا بوونە، (مەدحەت بێخەو)ی شاعیر لەسروودێکدا دەڵێت:

ئێمە پێشمەرگەین هەتا ماوین لەژین

نیشتمان ئازاد دەکەین لەخوێن مژین

دوژمنی ناپاک هەزار هێزی هەبێ

ئەیبەزێنین، ئەیرمێنین نابەزین

نیشتمان خوێنی شەهیدانی دەوێ

شەرتە تاکو سەربەخۆیی نەسرەوین (بێخەو، 2000، ل47)

## تەوەرەی سێیەم: زمان و شێوازەکانی دەربڕینی شیعری بەرەنگاری

شـــیعر لەهەموو ســـەردەم و قۆناغێکداپەیامێکی گەیاندووە و شـــاعیر پەیام و ڕازەکانی خۆی لەپشـــت دێرە شیعریەکانیەوە حەشـەر دەدات، بەڵام دەبێت شاعیر بزانێت، شیعر بۆکێ دەنوسێت، بەچ زمانێک دەریدەبڕێت،چ مەبەســـتێک لەنوســـینیدا هەیە؟ دەبێت شـــاعیر بیر لە کاریگەری شـــیعرەکەی بکاتەوە، ئەمەش لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو وشانەی کە کار لەسەردەروونی خوێنەر و گوێگر دەکات.

واقیعی کۆمەڵگا دەشـێت بگۆڕێت، بۆیە دەبینین شـــان بە شـــانی گۆڕانەکانی کۆمەڵگا، شـیعر و ئەدەبیش گۆڕانی بەســـەردا هاتووە، ئەگەر ســـەیر بکەین دەبینین، شـــیعر لە ئەدەبی کوردیدا بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ بووە، لەکلاسیکدا شاعیران زیاتر لاسایکەرەوە بوون، بەتایبەت لەڕوی ڕوخسارەوە کە زیاتر کاریگەر بوون بە کێشە عەرەبییەکان، بەڵام لەشیعری نوێداگۆڕانی بەسەردا هات و شاعیران بەتەواوی لەو قاڵبە کلاسیکیانە دەرچوون، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانانە بوو، کە بەســـــەر کۆمەڵگای جیهانی و کوردســـــتاندا هات، هەروەها وشـــــیار بوونەوەی گەلی کورد لەخەوی غەفڵەتدا، بیرکردنەوە و ئاوڕدانەوە لە ئەدەبیات و مێژووی کۆنی کوردەواری.

(( شـــاعیرانی کورد تاڕادەیەک وەزعی کورد و نەتەوەکەیان لەشـــیعردا دەربڕییوو، بەمەش کارێکی گەورەیان کردبووە ســـەر مشـــتومالکردنی بیروباوەڕی کوردایەتی و ڕێگای ئازادی و ســـەربەســـتی و ژینی بەختیاریان بەگەل ژیان پیشاندا بوو، ئەوەی کەگومانیشی تێدا نییە ئەوەیە، کە کۆششی ئەم شاعیرانە بۆ مەبەستێک بووە، کەنەتەوە خۆی لە قەوارەیەکی ئازاددا ببینێتەوە )) (کەریم، 1995، ل67).



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

شـــاعیری بەرەنگاری تێکۆشـــەرە و خەمی ڕۆژانەیي و خەمی نەتەوەکەی هەڵدەگرێت، هەر گۆڕانکارییەک یان هەر خوو و عادات و دیاردەیەکی ناشـــــرین ببینێت، ئەوا لەڕێگەی نووکی خامەکەییەوە بەگژیدا دەچێتەوە و یاخی دەبێت، هەتا ئەو ڕەفتار و دیاردە ناشـــرینە نامێنێت و کاڵ دەبێتەوە،وەک ئەو دیاردە ناشـــرین و داب و نەریتە خراپانەی کە لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەبووە وەک( ژن بەژن،گەورە بە بچوک ...هتد ).

بەڵام لە ئێستادا ئەم دیاردانە کاڵبوونەتەوە و خەریکە بەرەو نقوم بوون دەچن،وەک دەبینین شاعیران لەڕێگەی شـــیعرەکانیانەوەڕووبەڕووی ئەم دیاردە نەشـــیاوانە دەبنەوە،کە هەر شـــاعیرەو بە شـــێوەیەک بەرەنگاری دەبێتەوە، زمان و شێوازی شیعری بەرەنگاری لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە شێوەیەک دەنوسرا، کە زیاتر تێکەڵەیەک بوو لە زمانی کوردی و فارســـی و عەرەبی، ئەمەش بە هۆی کاریگەری ئەدەبی ئەو ســـێ نەتەوەیە بەسەر شیعر و ئەدەبیاتی کوردی.

شـاعیرانی کلاسـیکی زیاتر پابەندی کێش و یەکێتی سـەروا بوون و خۆیان لێلا نەدەدا، بەڵام لە شـیعری نوێدا زمان و شـێوازی شـیعری کوردی جۆرە تایبەتمەندیەکی نوێی خسـتە ئارا و لە شـیعری کۆن جیابۆوە، چونکە شــــیعر بەرهەمێکی هونەرییە و پێکهاتووە لە کۆمەڵە دەربڕینێکی زمانەوانی و زمانیش لە هەموو مادەکانی تر زیاتر توشی گۆڕان و پەرەسەندن دەبێت، جا لەبەر ئەوە شاعیرەکان جۆرە زمانێکیان هەڵبژارد، کە بەپێی ئەو ســــەردەمە زمانێکی تازە و کاریگەر و ســــوودبەخش بوو،چونکە هەموویان ســــەر بەیەک ڕێباز بوون و یەک هەڵوێستیان هەبووە بەرامبەر بە کارهێنانی زمان، شیعری بەرەنگاریش زمانێکی سادە و ڕەوانی دەوێت چونکە هەڵگری پەیامە، پەیامیش بۆ هەموو چین و توێژەکانە، بۆیە چەندی ســــادەبێت زیاتر دەگاتە خەڵک بەڵام نابێ شــیعرییەت لەبیر بکات، یەکێک لە تایبەتمەنییەکانی شــعری بەرەنگاری ئەوەیە، (( شــیعری بەرگری ســوک و ئاسـانە، مانای ئاشکرایە، لەگەڵ خەڵکی نەخوێندەوار و ساکاری کورد قسـە دەکات، لە دڵێکی پڕ سـۆزەوە دێتە دەرێ، فـەرهـەنگی نـەرم و نیـانـە، کێش و قـافیـەی ســــوکـە،ڕەمز و پێچ و پـەنـاو شــــاراوەیی کـەمـە، بـەڵام کاریگەرە،چونکە وێنەی ڕوون دەدات بە دەستەوە))(خەزنەدار، ل6).

بەم پێیەش دەتوانین ئەم بۆچونەی سەرەوەبکەینەپێوەرێک بۆ زمان و شـێوازی شـیعری بەرەنگاری،چونکەگەر سـەیری شـیعری بەرگری ئەو سـەردەمە بکەین ئەم راسـتییەمان بەڕوونی بەرچاومان دەکەوێت، لەبەرئەوەی شـاعیران، شیعرەکانیان وەک و ئامرازێکی فێرکردن و بوژاندنەوە بەکار هێناوە، بۆیە زۆر گرنگیان بەڕوخسـار و قالّب و وێنەی شیعری نەداوە.

هەندێک جار مەســــەلەی ســــادەیی دەربڕین و ســــاکاری پێکهاتەی زمانەکە، بووەتە مایەی ڕەخنەی هەندێک ڕەخنەگری شیعری، بەڵام وێڕای ئەمە، سادەیی دەربڕین و ئاسانی زمانەکەی، نابێت بکرێتەپاساوی ڕووکەشی و لاوازی لایەنی هونەری شیعری بەرەنگاری، شـاعیری کورد شـعری بەرەنگاری بۆپێشـمەرگە دەنوسـێت، بۆ ئەو خەڵکەی دەنوسیت کە هاوکاری و پشتیوانی پێشمەرگە و شوڕشدەکەن،هەر وەک ئەرسەلان بایز لەبارەی شـیعرەکانی شـێرکۆ بێکەس، دەڵێت: (( من پێم وایە کاک شـێرکۆپلانی بۆ شـیعرەکانی دانەناوە کەوا سـادە بن،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

تاكو پێشـــمەرگە لێیان تێبگات، بەڵكو ژیانی ســـاكاری پێشـــمەرگە و دەوروبەری شـــۆرش و جەماوەری ئەو دەڤەرە وایان كرد، ئەو ساكاریە لە شیعرەكانیدا رەنگ بداتەوە )) (بایز، 2001، ل195).

بۆیە بەشـــێوەیەک شـــیعرەكە دەنوســـێت كەڕۆڵێک لەپرۆســـەكەدا بگێرێت،چونكەبارودۆخەكە وادەخوازێت كە زمانی شیعری بەرەنگاری سادەو ساكار بێت و وێنەی خەیاڵی تێكەڵ بە شیعرەكە نەكات،چونكە ئەگەر وانەبێت ئەواكەس بە ئاســـانی لێیان تێناگات ، بۆتێگەیشـــتنیش دەبێت پەنا بەرینە بەر فەرهەنگی زمانی و هەوڵدان بۆ شـیكردنەوەی شـیعرەكە، هەتا مەبەسـت دەدات بە دەسـتەوە، بەڵام شـیعری بەرەنگاری بۆ خەڵكی ئاسـایی و پێشـمەرگە دەنوسـێت، واپێویسـت دەكات بە شـێوەیەک بنوسـرێت، كە كاریان لێ بكات و هەسـتی نەتەوایەتیان بجوڵێنێ و یاخی ببن و بەگژ دەســـەڵاتی ســـتەمكاری و داگیركاری بوەســـتنەوە، شـــیعری بەرەنگاری خاوەن تایبەتمەندیەكە كە جیای دەكاتەوە لەجۆرەكانی تری شـــیعر، كاتێک شـــاعیر شـــیعر بۆ یار دەنوســـێت ئەوا بە خەیاڵ دەچێتەژوانی یار، هەرچی وشـــەی جوان و ناسـک هەیە دەیدا لە بەرۆكی یار، جوانترین وێنەی خەیاڵی دروســـت دەكات، بەڵام لە نەبەردی و ئازایەتی و دژواری و بەرەنگاری و بەرەنگار بوونەوە و شـــۆڕش، ئەوا ئەو وشانە بەكار دەهێنین، كە رەق و شێوەی توند و تیژیان پێوە دیارە.

((گوڵستانی جوان و كارەساتێكی تراژیدی سەرتاپا جودان، چونەژووان و چوونە نەبەردی و دژواری هەرگیز وەک یەک هەست نابزوێنن )) (محمد كەریم، 1990، ل16).

شاعیری بەرەنگاری كە بەشداری شەڕی مان و نەمان دەكات، بە مسۆگەری شیعرێک دەنوسێت ڕاستەوخۆیە و بانگەواز و دروشمیشی تێدەكەوێت و زمانەكەشی ساكارە و پێكهاتەكەشی ئاسانە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، كە لەمانادا قوڵا نییە و بێ هونەرە. هەندێک جار ئەوەی لەلای هەندێک كەس بە كەموكورتی لەقەڵەم دەدرێت، بەڵام لەسەردەمێكی تر و لەلای هەندێک كەسي دیكە، دەبێتە هێز و توانا، چونكە باشي و كاریگەری شیعری بەرەنگاری لە ئاڵۆزی و ڕەمزاویەكەي نییە، بەڵكو لە قوڵی ئەو ئەو مانایەدایە، كە هەموو كۆپلەیەک یان هەموو شیعرەكە دەیگرێتە خۆی.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## بەشی دووەم:

## تەوەرەییەکەم:بابەتەکانی شیعری بەرەنگاری

لەئەنجامی ئەو چەوسانەوە و سیاسەتە ناڕەوایەیی کە دوژمن و داگیرکەران لەبەرامبەر گەلی کوردستان پەیڕەویان کرد، چەندین بزوتنەوەو شۆڕش و کۆمەڵە دژی ئەو داگیرکاریانە سەریان هەڵدا، ئەوەی ئەم بزوتنەوە و شۆڕشانە داوایان دەکرد و هەوڵیان بۆ دەدا، جگە لەداواکردنی یەکسانی و دیموکراسی و مافی مرۆڤبوون بۆ خاوەن ئەم خاکە، شتێکی تر نەبوو، ئەو شێوازانەی بەکاریان دەهێنا شێوازی بەرگریکردن و ئاگادارکردنەوەی خەڵک و بەرخودان بوو، هەرگیز پەنایان نەبردووەتە بەر کاری تیرۆرستانە و شێوەی نامرۆڤایەتی .

(( هەمیشە نەتەوەی تێکۆشەر پێویستی بە وێژە و شیعری بەرگری هەیە، بەو شێوەیەی کەپێویستی بە خۆراک و خواردنەوە هەیە، کە ئەویش دەبێت لە خزمەتی کێشە سەرەکییەکاندا بێت)) (مەعروف، 2003، ل43).

شیعری بەرگری لەسەر ئاستی جیهان کە دەنوسرا، لەسەر چەند ئاستێک کاری دەکرد، کە ئەوانیش ئاستی (نەتەوەیی، چینایەتی، مرۆڤایەتی)ە، ئەمەش لەخۆوە و بەشێوەیەکی میکانیکی بەدی نایەت، بەڵکو بەهۆی ویستی ئازادی و بەدەستهێنانی مافەوە دێتە مەیدان .

پەیوەندی شاعیرانی بەرگری زۆر بەتینە، هەر وەک چۆن شۆڕشەکان تەواوکەری یەکترین و کار لەیەکتر دەکەن، شاعیرانی بەرگریش بەهەمان شێوە کار لەیەکتری دەکەن، هەر بۆیە لەناوەڕۆکی شیعری کوردیدا مەسەلەی نەتەوایەتی مەودایەکی فراوانی ئەدەبی داگیر کردووە.

(( ئەدەبی بەرەنگاری لەسەر بنچینەی ئاکارە نەتەوەیی و نیشتمانیەرەسەنەکان ڕۆنراوە،ژیانی واقیعی و هەموو تراژیدیا و قارەمانێتیەکانی تیادارەنگی داوەتەوە، بەخۆبەستنەوە بەمەسەلەڕەواکەی گەل،چاو دەبڕێتە ئایندەیەکی گەش و سەرفەراز )) (خۆشناو، 2002، ل142).

ئەگەر سەیری شیعری بەرەنگاری نەتەوەکەمان بکەین، جگە لە نەفرەتکردنی دوژمن و داگیرکەر و هەوڵدان بۆ ئازادی و ڕزگاری ئەوا بۆ هیچ مەبەستێکی تر هەوڵی نەداوە، هەرگیز چاوی نەبڕیوەتە خاک و سامانی هیچ نەتەوەیەک،چاوی لە داگیرکردن و بڕین و زوڵم و ستەم نەبووە. بۆیە لە خوارەوە باسی گرنگترین ئەو بابەتاە دەکەین، کە شیعرە بەرەنگاری لێی دەدوێت.

### 1- شکاندنی ترس

هەمیشەیاسای جەنگ و شەڕ و کوشتار بەشێوەیەکە،لایەک سەردەکەوێت و لاکەی تر شکست دەهێنێت، بەڵام شاعیر دەبێت ڕۆڵی خۆی ببینێت، نابێت شاعیر لەسەر جەستەی شەهیدەکان دابنیشێت و وشەی فرمێسکاوی بڕێژێت، بەڵکو دەبێت ترس لەدوژمن بشکێنێ و داوای تۆڵە لەناخی گەلدا بروێنێت، دەبێت وشەکانی یەخەی ڕۆڵەکانی نەتەوە بگرێت و داوای وەرگرتنەوەی ڕژانی خوێنی گەلەکەی بکاتەوە.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

شتێکی سروشتییە هەر نەتەوە و میللەتێک بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە، لەهەندا قۆناغدا توشی کۆسپ و تەگەرەو شکست دەبێتەوە، بەڵام دەبێت ئەم شتانە نەبێتە هۆی ونکردنی ئامانجەکانی ئەو نەتەوەیە، بەڵکو دوبارە بەگڕ و تینێکی سوتێنەرەوە هەستێتەوە و ڕووەو دوژمن بچێت .

ئەوەی نەتەوەی کوردی لەژێر ئەم هەموو داگیر کارییەدا هێشتووەتەوە باوەڕ بوون بە دواڕۆژێکی ڕوون و خەوبینین بە ئازادییەوە بووە، هەمیشە دروشمێکیان هەبووە کە دووژمنی تۆقاندووە، کە دەڵێن (**یان کوردستان یان نەمان، نەسرەتن تا سەرکەوتن** )

بۆیە وەک دەبینین ئەم نەتەوەیەبەو ژمارە کەمەی کە هەیبووە و بەتەواوی لە بارێکی نالەباردا بوون، بەڵام هیچ کات خۆری هیوایان ئاوا نەبووە و هەمیشە خاوەن ویست و ئیرادەیەکی بەهێز بوون، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە خۆری سەرکەوتن بەڕوویاندا هەڵبێت.

شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

**دیواری ترس و بێدەنگی درزێکی گەورەی تێ بووە**

**هاژەچۆن لە ناو گەرووی شەپۆل دەر ئەهێنرێت؟**

**کا ئەتواناگڤە و لوورە لەناو دەروونی زریاندا**

**هەڵبکەنا؟!**

**ئەوەندەی تر**

**کیرد چەند ڕۆچێ**

**بەرەو ژورتر خوێن هەڵەچێ**

**دیواری ترس و بێدەنگی قڵیشاوە**

**خوێن چرایەو داگیرساوە (بێکەس، 1991، ل23)**

## پێشمەرگە

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە خۆنەویست و فیداکارەیە کە لەپێناوی ئازادی نیشتمان و یەکسانی و ڕزگاری نیشتمانیدا گیانی بەخت دەکات, وەک مرۆڤێک دەیەوێت ئەرکێکی نیشتمانی جێبەجێ بکات، بۆیە یاخی دەبێت لەدەسەڵاتی ستەمکار و خوێنڕێژ، هەوڵی تۆڵسەندنەوە دەدات، لێرەداپێشمەرگە ئامادەي قبوڵکردنی هەموو ئازارێکە،( برسێتی سەرما، پێپەتی، نەخۆشی ... هتد )، لەپێناو پاراستن و پارێزگاری لەخاک و نیشتمان، تەنانەت بیر لەژیان و ژینی خۆی ناکاتەوە بەڵکو نیشتمانەکەی بەلاوەگرنگترە.

پێشمەرگە هەمیشە ئاواتی ڕزگارکردنی نەتەوەکەیەتی، ئەگەر بۆ خۆشی نەبێت بۆنەوەکانی دوارۆژ دەیەوێت شەرەف و ناموس و خاکی ولاتەکەی بپارێزێت، ناهێڵێت دوژمن پۆستاڵی پیس بخاتە ناو جەرگەی نیشتمانەکەیەوە،ڕازی نابێت گاڵتە بەچارەنوسی میللەتەکەی بکرێت، بۆیەچەک لەشان دەکات، سنگی دەکاتە قەڵغانی بەرگری و دژی ناحەزان دەجەنگێت .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

شاعیری تێکۆشەرو شۆڕشگێڕ، لەناو پێشمەرگەو کۆمەڵانی خەڵکدا دەژی و لەمەسەلەکانیان دەدوێ و باس لەخەمەکانیان دەکات،هەوڵدەدات بەردەوام تێبگەن و بەپەرۆشەوە کاریان تێبکات و بەرەو ئامانجە هاوبەشەکانیان بیانبزوێنێت.

شاعیری بەرەنگاری وادەبینێ کەتەنها سوتەمەنی وڵات و ڕزگارکردنی ئەو خاک و نیشتمانە تەنها لەئەستۆی پێشمەرگەدایە.

هەمیشە شاعیرانی بەرەنگاری لەشیعرەکانیانداپێشمەرگە وەکو سومبول و رەمز سەیردەکەن، هەوڵ دەدەن ئەوە لەمێشکی نەوە بە نەوەی ئەم میللەتەدا بچەسپێنن کە ناوی پێشمەرگەپیرۆزەو بوون بەپێشمەرگە ئەوپەڕي شانازییە .

((پێشمەرگە بەواتاڕاستەقینەکەی ( تێکۆشەری چەکداری سیاسی خاوەن بیرو باوەڕ) نەک شتی تر، دەمێکەڕۆژگاری سەخت و دژوارو ژیانی دیلی و ژێردەستی کورد وشەی پێشمەرگەی خۆشەویست و پیرۆزترکردووە، ئەگەر کورد هەناسەیەکی ئازادي هەڵمژیبێت، ئەوا لەسێبەری تفەنگی پێشمەرگەدابووە )) (شەریف، 2009، ل133).

ئەرکی شیعری بەرەنگاری پێداهەڵدانی پێشمەرگەیە و ناساندنی قارەمانێتییەکانیەتی، نەک تەنها لەبەر ئەوەی لە ئەرکە شۆڕشگێڕیەکەی بەردەوام بێت، بەڵکو لەپێناو ئەوەی دەسکەوتی باشتر بەدەست بهێنێت و گورزی گەورەتر لەجەستەی دوژمن بدات.

شاعیران لە شیعرەکانیان بەچەندین شێوە وەسفی پێشمەرگە دەکەن، هەندێکیان پێیان وایە، کە میللەت بە باپێشمەرگە وەک مێگەلێکی بێ شوان وایە، هەندێکی تریان دەڵێن، شەکاوەیي و بەرزی ئاڵای کوردستان،پەیوەستە بەڕۆحی پێشمەرگەوە.

لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بابەتی سەرەکی شیعری بەرەنگاری، شۆڕشی نوێی پێشمەرگەیە، ئەویش بەهۆی ئەو بارودۆخەی ڕوی لە ناوچەکە کردبوو، سەرهەڵدانی شۆڕشەکان دەبوونە هەوێنی شیعری شاعیران .

هونەرمەند و شاعیری شۆڕشگێر ( حمە جەزا ) لەم پارچە شیعرەدا باس لەگەورەیی و پیرۆزی ژیانی شاعیر دەکات:

**هۆکاکی پێشمەرگە شۆڕشگێڕی قارەمان**

**ناوی پیرۆزی تۆیە، بۆتە ویردی سەر زمان**

**لەناو گیان و دەروونی چەوساوەکانا دەژی**

**هەمیشە هاوڕێی چەک و بڕوا و سەنگەر و کەژی**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## 2- شەهید

یەکێک لە بابەتە دیارەکانی ناوەڕۆکی شیعری بەرگری کوردی، شیعرە بە باڵای (شەهید)دا هاتنەپێشەوەی ئەم بابەتەش دەگەڕێتەوە بۆ مێژووە خوێناویەکەی میللەتی کورد، کە بەدرێژای مێژوو هەوڵی لەناو بردن و کپکردنی دەنگی ئەم نەتەوەیە دراوە، بۆیە لەم ڕێگەیەدا کورد شەهیدێکی زۆری داوە.

پارێزەرانی خاک، بەر لەوەی دەست بۆچەک ببەن دەزانن چڕێگایەکی سەخت ودژواریان گرتووەتەبەر، لەوانەیە سەد لە سەد بزانن کەگیانیان دەبێتە هەوێنی ڕزگارکردنی خاک و نیشتمان، بەڵام لەبەر ئەوەی کەبیروباوەڕێکی قوڵی نیشتمانپەروەری لە ناخیاندا دروستبووە، ترس لەمەزهەبی ئەواندا نامێنێت، تەنها یەک دروشم جێبەجێ دەکات، کە ئەویش، ( یانیشتمان، یا نەمان ) ڕەنگە بزانێت، کە شەهید دەبێت و سەرجەم خەون و ئاواتەکانی دەژاکێن، بەڵام لەناخیدا شتێک نییە بەناوی مردن،ڕاستە شەهید کاتێک شەهید دەبێت، جەستەکەی دەچێتەژێر خاک و لەدنیای واقیع و سەرزەویدا بوونێکی نامێنێت، بەڵام ئەو نەمانە نەمان نییە، توانەوەیە، شەهید دەبێتە خاک، دەبێتە خوێن، دەبێتە ئاو، دەبێتە درەخت، دەبێتە تیشک ئەمەش ئەوپەڕی نەمرییە .

شاعیرەکان، شەهیدەکان بەقارەمانی و بە زیندوویی لەنێو پەڕەی شیعرەکان هەڵدەگرن و قارەمانێتییەکانیان پیشانی نەوە بە نەوەی نەتەوەی دەدەن و وەکو سومبولی شۆڕش و سەرکەوتن دەیدەن لە بەرۆکی شیعرەکانیان، وەک سەرکردەکانی ( شێخ سعیدی پیران، شێخ محمودی حفید، قازی محمد ) کە ناوەکانیان هەمیشە لەگوێکانماندا دەزرنگێنەوە.

هاتووم ئەمشەو
چەپکێک شیعر لەسەر گۆڕەکەت بچم
ئەی بۆ ئەڵێن؟
شەوان گۆڕستان تاریکە و
بۆن و بەرامەی خۆری لێ دێ
ئەوە نییە،
بە ئاسمانی سەرسەرتەوە
ئەستێرەکان پێ ئەکەنن! (هاوڕێ س، 1983، ل4).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

## تەوەرەی دووەم: پوختەیەک لەژیاننامەی شاعیر

شاعیر ناوی تەواوی (حسین مولود ئەحمەد)ە، لەساڵی 1953 لە منداڵێکی دووانە لە خێزانێکی جوتیاری هەژار، لەگوندی ( بەربەرد )ی سەر بە ناحیەی ( ماوەت )ی سەر بەقەزای (شارباژێڕ ) سەری بەم دونیا پڕچەرمەسەرییە هەڵهێناوە.

لەژیانی منداڵیشیدا زۆری چەرمەسەری و نەبوونی و هیلاکی دیتووە، (ئەحمەد، 2015، دیدەنی).
ساڵی 1958 لە تاو چەوساندنەوەی چینایەتی و لەدەست دەرەبەگ ماڵیان باری کردووە و چووەنەتەگوندی ( کۆکە )ی سەر بەناحیەی سورداش، لەساڵی ( 1959 – 1960 ) لە خوێندنگای سەرەتایی چەرمەگا ناونووسکراوە، دواتر و لە ساڵی( 1962 –1963 )،دوای سوتاندنی گوندەکانی ئەو ناوچانە،پۆلەکانی سەرەتایی لە سەرچنار و ماوەت و چەرمەگا تەواو کردووە، کارەساتەکانی ئەو سەردەمەی شۆڕش کاری کردووەتە سەر هەست و هۆش و گۆشی و بوونەتە هۆی ئاشنابوونی بەنیشتمانپەروەری و هەستی کوردایەتی، دواتر لەساڵی( 1966 – 1967 ) چووەتە خوێندنگەی ناوەندی ( الوگن ) لە سلێمانی، بەهۆی هەژاری و بێ دەرامەتی و باری ئاڵۆزی ئەوسەردەمەی خێزانەکەیەوە قۆناغی ناوەندی بەپێنج ساڵ تەواو کردووە، ساڵی (1971 –1972) چووەتە خوێندنگەی ئامادەیی سلێمانی بەشی ئەدەبی، لەم ماوەیەدا دەچێتەڕیزەکانی کۆمەڵە، هەر بۆیە لەساڵی 1974 چووەتە ناوچەی سورداش و هەرلەوێ کراوە بە لێپرسراوی ڕێکخراوی (تۆڵە)ی کۆڕەک، لەبەهاری ساڵی 1975 گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی و پۆلی شەشەمی ئامادەیی تەواو کردووە، دواتر لەساڵی 1975 -1976 چووەتە زانکۆی سلێمانی کۆلیژی ئاداب، بەشی کوردی و تاپۆلی دووەمی خوێندووە، بەڵام بەهۆی ئەو کار و چالاکیانەی کەلەو ماوەیەدا هەیبووە، فەرمانی گرتنی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ دەرچووە، ئیتر مەلا عەلی زانکۆ بە جێدەهێڵێت و لەڕۆژی 11/ 5/ 1977 ڕوودەکاتە شاخ و دەچێتە ناو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە، لەو ماوەی کەلە شاخ بووەپێشمەرگەیەکی ئازا و هۆشیار و کارامە بووە،لای جەماوەر و هاوڕێیانی خۆشەویست و ڕێز لێگیراو بووە، سوور بووە لەسەر هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە لەو سەنگەر و شەڕانەی کە بەرانبەر دوژمن بەشداری تێدا کردووەچاو قایم و لێهاتوو بووە،چەندین جاریش لە بۆسەی دوژمن ڕزگاری بووە .
لەو ماوەیەی کەلەشاخ بووە کراوە بە لێپرسراوی ناوچەی ( ژیلوان )ی سەر بەقەزای دوکانی (ی.ن.ک )، لەڕۆژی 30/ 1/ 1979 لەکاتێکدا بۆ کاری شۆڕشگێڕانە لەگەڵ ( دکتۆر مارف)ی هاوڕێیڕوو لە ناوچەی سورداش دەکەن، دوژمن پێیان دەزانێت و بەهێزێکی گەورەگەمارۆیان دەدەن،پاش تەقەلایەکی زۆر بۆ بەرگریکردن و خۆدەرباز کردن، بریندار دەکرێن و بەبریندراری دەگیرێن و ڕەوانەی زیندان دەکرێن .
دوای گرتن و لێدان و ئەشکەنجەدانێکی زۆر لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، بەڵام ئازایەنە دان بە خۆیدا دەگرێت و جوامێرانە سەریان بۆ دانانەوێنێت، هەر بۆیە لەڕۆژی 6/ 6/ 1979 لەو قەسابخانەیەی کە ناوی ( دادگای هەیئەی خاص کرکوک )ی لێنرا بوو، بەڕواڵەت دادگایی دەکرێت و بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەچێت .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

لەدوای دەرچونی بڕیاری لە سێدارە دانەکەیەوە تارۆژی جێبەجێکردنەکەی کە تەنها مانگ و نیوێکی خایاندووە، کەڕێکەوتی شەوی 22-23/ 7/ 1979 دەکات، کە لەقەسابخانەی موصڵ لەگەل دوو هاوڕێي تری لە سێدارە دەدرێن و وەکو چەندین تێکۆشەری تری کورد تەرمەکانیان نەکەوتووەتەوە دەست کەسوکاریان هەر لەوێ لە ( وادی عگاب ) نێژراون (ئەحمەد، 1998، ل23).

## تەوەرەی سێیەم: شیعری بەرەنگاری لەلای شاعیر

زۆربەی زۆری شیعرەکانی ئەم شاعیرە لەماوەی ئەو مانگ و نیوە دا نوسیویەتی کەلە زینداندا بووە، وەک دەربڕینی هەڵوێست و نەبەزینی خۆی بەرانبەر دوژمن کەلەڕۆژانی چاوپێکەوتندانادرویەتە دەرەوەی بەندیخانە، هەرچەندەپێشتریش شیعری نوسیووە، بەڵام لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە فەوتێنراون و لەناو براون، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیر لەو ماوەکورتەدا شیعرەکانی نوسیووە، بێگومان شیعرەکانی بەدەرنین لەکەم و کوڕی ئەگەر بەوردی سەرنجی شیعرەکانی بدرێت، ئەوا گرنگییەکی زۆری بەلایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆکی شیعرەکانی داوە و لەپلەیەکی بەرزدان، بەڵام زۆربەی شیعرەکانی شاعیر، شیعری بەرگری و بەرەنگارین، لە شیعری بەرەنگاریشدا زیاتر گرنگی بەلایەنی ناوەڕۆک دەدرێت وەک لەڕوخسار و لایەنی هونەری.

### 1- زمان لەشیعرەکانی شەهید مەلا عەلی دا:

شاعیر کە هەڵگری پەیامێک بووە، هەر لەو پێناوەشدا گیانی خۆی بەخت کردووە، هەوڵی داوە زمانێکی سادە و ڕەوان لەشیعرەکانی بەکار بهێنێت تا بەئاسانی بگاتە خوێنەر و هیچ گرێ و ئاڵۆزییەک لەخوێندنەوەی شیعرەکانیدا نەبێت، هەر وەکو شاعیرانی تر بۆ لەنگ نەبوونی کێش و سەروا لەبەشێک لەشیعرەکانی لادانی زمانی بەکارهێناوە و جار جار پەنای بۆ ڕەوانبێژیش بردووە وەک:

ئەمرۆ لێرەم و سبەی <u>لەگۆڕێ</u>

چش باناویشم <u>نەیەتە گۆڕێ</u>

من بەڵێنی خۆم هەر ئەبەمە سەر

ڕێبازم لەناو گۆڕیش <u>نەگۆڕێ</u>

***

گەرچی وەک ماسی دەریا <u>لەتۆڕا</u>



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دیارنیم لەهیچ کەس مەگەر لەتۆڕا

بەڵام ئاسوودەی ئەوەم، باوەڕم

بەسەد ئەشکەنجەو، تەفرە نەدۆڕا (مەلا عەلی، 2018، ل45)

**2- شێواز لەشیعرەکانی شەهید مەلا عەلی دا:**

زۆربەی شیعرەکانی دووتوێی دیوانەکەی چوارینن و بەشێوازی (أ أ ب أ) یان جووت سەروان، بەزمانێکی کوردی پەتی و دوور لەوشەی بێگانە نووسیوە، وەک لەم چوارینەدا کە بەشێوازی ( أ أ ب أ ):

جارێک پەپولە و جارێکیش مەل بوو

جارێک پشت کۆم و دەست کۆڵ و شەل بوو

جارێک فیشەکی ناو لولەی چەکی

پارتیزانێک بوو، چاوەڕێی هەل بوو (مەلا عەلی، 2018، ل39)

یان بەکارهێنانی جووت قافیە لەبەشێکی تری شیعرەکانی دا:

ئێستا ئومێدم هێندە لاوازە

ناتوانم بڵێم: دەمێنم تازە

مردووم و نانی زیندوان ئەخۆم

تازە ناتبینم ئازیزەکەی خۆم

دوێ شەو لەخەوما دووربێ لەبالآت

لێت نزیک ئەبووم تا ماچکەم گۆنات (مەلا عەلی، 2018، ل71)

**3- گیانی بەرەنگاری لەشیعرەکانی مەلا عەلی دا:**

شاعیر هەوڵی داوە لەڕێگەی شیعرەکانییەوە نەگۆڕی هەڵوێستی خۆیمان پێ بڵێت سەبارەت بەخاک و نیشتمان، لەگەڵ ئەو هەموو ئەشکەنجەو ئازارەی کە دراوە، بەڵام شاعیر نەتەوەکەی زیاتر بەلاوە گرنگتر بووە، وەک لەخۆی، هەر بۆیە هیچ حسابێک بۆ هەڕەشەو ترس و تۆقاندنی دوژمن دانانێت:



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

**گەرچی بەرەو دوا مالی ژین بەڕێوەم**
**یەکەم ماڵی مردنم دیارە لێوەم**
**بەشم چونکە مردنی ناو جێ نییە**
**شادم کەتا دوا هەناسەش بەپێوە**

* * *

**مەرگی ئاوا ناگۆڕمەوە بەسەد ژین**
**ژینێک سەرم بۆ دوژمن بێ بەپەرژین**
**سەربەرزییە کەپێڵاوم ئەبینن**
**بەسەر سەری دوژمنەوە لەبەرزین** (ئەحمەد، 1998، ل35).

لەم چەند دێڕەشـــیعرەدا بەڕوونی دیارە، کە شـــاعیر وەکو پاڵەوان ڕووبەڕووی مردن دەبێتەوە و لێی نەترســـاوەپێی وایە مردن فەرمانێکە و دەبێت بە جێی بگەیەنێت و دوای ئەوە لە خەباتی خۆی بەردەوام دەبێتەوە، خۆی بە شـــاد و خۆشـــحاڵ دەزانێت کە مردن لەســـەر ئەرکێکی پیرۆز بەرۆکیگرووە، بۆیە جوامێرانەڕووبەڕووی دەوەســـتێتەوە و بەهیچ شـــێوەیەک ســـڵ لەمردن ناکاتەوە، لەم چەند دێڕە هۆنراوەیەداچەندین وێنەی هونەری ناوازە بەرچاو دەکەوێت، کە هۆنراوەکەی ڕازاندووەتەوەو وێنەیەکی جوانتری پێ بەخشـــیووە، بەهەمان شـــێوەی (قازی محمد)کە دەڵێت: (**ســـەربەرزییە کەپێڵاوم ئەبینن، بەســـەر سەری دوژمنەوە لە بەرزین** ).

لێرەدا شـــاعیر وێنەیەک پیشـــان دەدات، کە بەمردنیش لە دوژمن بەرزترە، بەشـــێوەیەک کە ســـەری دوژمن لە ئاســـت پێڵاوەکانیدایە، بەمەش شـــاعیر شـــانازی بە مردنەکەیەوە دەکات و بەو پەڕی ســـنگ فراوانییەوە بەرەو پیری مردن دەڕوات، هەر وەک لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**ئەو مەرگەی لێم ترساوە، ئەی لاوێنم**
**بۆ ناوێرێ بێت و بگرێ داوێنم** (ئەحمەد، 1998، ل30).

شـــاعیر بەو تەمەنەکەمەی کە هەیبووە، چەندین جار ڕووبەڕووی مردن بووەتەوە و بەچاوی خۆی بینیویە، بۆیە ئەو ســـام و ترســـەی لە مردن نەماوە، شـــاعیر گاڵتەی بەپەتی ســـێدارە کردووە،چونکەپێی وابووە ئەوە ئەوپەڕی بڕوانامەی ســـەربەرزییە کە هەوڵی بۆ بەدەستهێنانی داوە، هەموو کەسێک شایەنی ئەو خەڵاتە نییە، کەلە سەر خاک و نیشتمانگیانت بسپێری و پلەی شەهید وەربگری، بەڵام ئێستا دوژمن خەریکە ئەو خەڵاتەی پێ دەبەخشێت.

**هاتەوە یادم شەوێکی قەندیل**
**هێنایەگریان، دڵەی مات و دیل**
**ئەو دەستەی لەوێ بەفر ئەیي تەزاند**


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

**داخکراوه، لێره به ئاگر و ژیل**

*** * ***

**خۆزگه ئه‌مردم، ئه‌وسا له‌و کێوه**

**چه‌که‌که‌م ئه‌یبرد یه‌کێک له ئێوه**

**وا ئێستاچه‌ک و فیشه‌کدانه‌که‌م**

**نازانم له کوێ، به شانی کێوه**(ئه‌حمه‌د، 1998، ل37).

شاعیر کاتێک له زیندان بوو، له‌ژێر ئه‌شکه‌نجه و ئازاردانی ڕژێمی به‌عسدا بوو، له قه‌فه‌سی زیندان بێزار ده‌بێت و له تاریکی زیندانداا، ده‌دات له شه‌قه‌ی باڵ و که‌مێک به ئاسمانی ڕابردوویداگوزه‌ر ده‌کات و له لوتکه‌ی قه‌ندیل له‌نگه‌ر ده‌گرێت،شاعیر به هۆی ئه‌و هه‌ست و سۆز و خۆشه‌ویستییه‌ی که بۆنیشتمان هه‌یبووه، هه‌میشه له هزر و خه‌یاڵیدا به هیواو ئومێدێکی گه‌شه‌وه‌ڕوانیویه‌تییه دوارۆژی گه‌له‌که‌ی،ڕاسته به جه‌سته له‌نیشتمان دوور بوو، به‌ڵام هه‌میشه دڵی له‌سه‌نگه‌ره‌کانی پێشمه‌رگه‌دا بووه،ڕاسته ده‌سته‌کانی به که‌له‌پچه‌ی دوژمن گرێ درابوو، به‌ڵام هه‌رده‌م وشه‌کانی ببوه هۆی به‌رزکردنه‌وه‌ی وره‌ی هاوسه‌نگه‌ره‌کانی و به‌رده‌وامبوونیان له‌خه‌بات، شاعیر به هۆی ئه‌و هه‌سته‌گرێدراوییه‌ی به‌خاک و نیشتمان، به‌رده‌وام به دڵ له‌ڕیزی پێشه‌وه‌ی سه‌نگه‌ره‌کان له‌گه‌ڵ هاوڕێپێشمه‌رگه‌کانی ڕووه و دوژمن وه‌ستاوه.

مه‌لا علی خۆزگه ده‌خوازێت، که هه‌میشه ده‌سته و مڵانێ بێت له‌گه‌ڵ خاکه‌که‌ی، ئه‌گه‌ر له‌وێ شه‌هیدیش بێت، دڵنیایه که له شوێنی هه‌ر دڵۆپێک خوێنی ده‌ریایه‌ک له‌ڕق و توڕه‌یي تۆڵه سه‌ندنه‌وه له دوژمن دروست ده‌کات.

شاعیر له‌م پارچه شیعره‌داباس له به‌هه‌شتی دڵی ده‌کات و ده‌ڵێت:

**له‌وێئه‌مردم، ئه‌نێژرام و به‌س**

**ئیتر نه‌ده‌هات بۆ دیده‌نیم که‌س**

**باوک و دایک (خۆشی نه‌چه‌شتوو)**

**وا نه‌ده‌بوونه خه‌ڵوز و قه‌قنه‌س** (ئه‌حمه‌د، 1998، ل40).

سروشتی مرۆڤه‌کان به شێوه‌یه‌که، که هه‌میشه دایک و باوک منداڵه‌کانیان زیاتر له خۆیان خۆش ده‌وێت، کاتێک که دایک و باوکی مه‌لا علی ده‌زانن، که ئه‌و منداڵه‌ی که به‌هه‌زار ناخۆشی و ده‌رده‌سه‌ری گه‌وره‌یان کردووه، ئێستا وه‌ک مه‌لێکی بێ باڵ به ده‌ستی به‌ستراو له قه‌فه‌سی دوژمنده‌یبینن،گڕ له‌ده‌روونیان به‌رده‌بێت، به‌ڵام هیچیان بۆ ناکرێت، جگه له‌خه‌مخواردن و تواندنه‌وه، هه‌رچه‌نده هه‌ندێکجار له‌به‌رئه‌وه‌ی که هه‌وڵی ڕزگارکردنی بده‌ن،ڕێیان که‌وتووه‌ته به‌ر ده‌رگای زاڵم و خۆیان بچوککردووه‌ته‌وه له‌پێناو ئازادکردنی باڵنده‌که‌یان،به‌ڵام شاعیر ئه‌مه‌ی به‌لاوه ناخۆش ده‌بێت، بۆیه ئاواته خوازه که‌له‌به‌ر ده‌رگای خاکی خۆی شه‌هید بووایه نه‌ک، ده‌رگای‌زاڵم. هه‌روه‌ک له‌م پارچه شیعره‌دا ده‌ڵێت:

**به‌خێوتان کردم هۆ بابه و دایه**

**ویژدانم له‌ژێر قه‌رزتان دایه**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

**وامداری ئێوەم بۆیە لەتاوان**

**پێم وایە ئێسکم ئەکرۆشا تاوان**

*  *  *

**تاوانی ئەوەی لەپێناوی من**

**ڕێتان کەوتۆتە بەر ماڵی دوژمن**

**تاوانی ئەوەی بۆم نەلوا دەرفەت**

**لاَبەم لەسەرتان ئازاری خەفەت**(ئەحمەد، 1998، ل59).

شـــاعر باس لەوە دەکات دەڵێت توانیم ئەو ئەرکە نیشـــتماني و نەوەییەی کە لەســـەرم بوو بدەمەوە، بەڵام بەداخەوە کە نەمتوانی قەرزی دایک و باوک و کەســـوکارەکەم بدەمەوە، چونکە لەپێناوی مندا زەحمەتێکی زۆریان کیشـاوە، بۆیە هیچ کات ویژدانم ئازاد نییە، هەروەک شـاعیر دەڵێت من لەمردن نەترسـاوم بەڵکو لە دڵڕەنجانی ئێوە دەترسام.

**لەدڵڕەنجانی ئێوە ئەترسام**

**ئەگینا بێ سڵا بووم لەمەرگی بەسام**(ئەحمەد، 1998، ل60).

شاعیر باس لە نەگۆڕی بیر و ڕای خۆي دەکات و دەڵێت:

**بەرەو ژوری بەرەو ژوری سێدارە**

**ماندوی کردوم و شوێنەکەم شێدارە**

**کەنیشانەی پەشێوی پێوە شێوەم**

**ئەوە برینی ئەشکەنجەیە و جێی دارە**

*  *  *

**نەڵێن، ئەمرێ و لەترسی مەرگپەشێوە**

**پێشمەرگەبم هەر ئەکەومەپێش ئێوە**

**بە مەرگی پێش مەرگی ئێوە ئاسودەم**

**ڕوشم زەردەی پێکەنینی هەر پێوە**(ئەحمەد، 1998، ل51).

ئەوەی شـــــاعیر زیاتر گرنگی پێدەدات ئەوەیە کە هەموو خەڵک بزانن، کە ئەو لە مردن نەترســـــاوە ئەگەر ڕوخسـاری ماندو و پەشـێو دێتەپێشـچاو ئەمە هی ئەوەیە، کەژورەکەی شـێدار و سـاردە و نەخۆشـی خستووە، یان هێشـــتا لەشـــی زامەکانی ئازاردانی ژووری ( تحقیق )ی هەر پێوە ماوە، ئەگینا شـــاعیر وەک خۆي دەڵێت: (**پێشـــمەرگەبم هەر ئەکەومەپێش ئێوە** ) هەر لەو ســـاتەی کەچەکی کردەشـــانی و چووە ســـەنگەر دژی دوژمن وەســـتا، لەو کاتەوە واژۆی لەســـەر مەرگی خۆي کرد،ئەم هەڵوێســـتەی شـــاعیر جێگای شـــانازییە بۆ نەتەوەی کورد،چونکە ئەگەر (ملاعلی ) لەڕێگەی شـــیعرەکانیەوە خۆی بە ئێمە ناســـاند بێت، ئەوا ســـەدان و هەزاران



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

شۆڕشگێڕی تری کورد بەو ڕێگایەدارۆیشتوون، بەڵام ڕەنگە ئەوان ئەو دەرفەتەیان بۆ نە لوابێت، کەگوزارشت لە بیر و بۆچونی خۆیان بکەن .

ئەگەر بەوردی سەرنجی شیعرەکانی شاعیر بدەین، ئەوا لەڕووی هونەرییەوەچەندین هونەری شیعری کوردی تێدا بە کار هێناوە، وەک ( شیعری ئازاد، سەربەست، دوو بەیت،چوارین ... هتد) بەڵام زیاتر گرنگی بە شیعری چوارین داوە، لەشیعرەکانیدا یەکێتی بابەتی پەیڕەو کردووە، شاعیر لە شیعرەکانیداچەندین وێنەی نەبینراو و سەرنجڕاکێشی بەکارهێناوە، کە توانیویەتی سیماي شیعرەکانی پێ برازێنێتەوە و بیان نەخشێنێت .

شاعیر لەو سەردەمە ناهەموار و تاریکەی کە تیایداژیاوە، بەڵام هەرگیز نائومێد و بێهیوا نەبووە، بەڵکو لەزۆر بەی شـــیعرەکانیدا هیوای بە دواڕۆژێکی گەش و ڕوناک هەبووە،پێي وابووەڕۆژێک دێت خۆری ئازادی و ســـەربەســـتی نەتەوە خۆی دەردەخات، بەڵام بە داخە بۆئەوەی کە ئەو ڕۆژە بەچاوی خۆي نابینێت، هەر وەک لەم پارچە شیعرەدا دەڵێت:

**ئەی کوردستانی مەڵبەندی کاوە**

**جێی داخە نەمدی ئاڵای شەکاوە**

**بەڵام ڕۆژێ دێ هێزی نەوەی نوێ**

**کۆشکی زۆر داری پێ هەڵەکاوە**(ئەحمەد، 1998، ل57).

شـــاعیر لەم دێڕانەی ســـەرەوە دەمان گەڕێنێتەوە بۆڕابردوو، بۆ ئەو ســـەردەمەی کە کاوەی ئاســـنگەر بووە فریادڕەســـی نەتەوەی کورد، هەر بۆیە شـــانازی بە کاوەی پاڵەوانەوە دەکات و بیروباوەڕی پێپەوتر دەکات، مەلا علی باوەڕی تەواوی بەنەوەی کوردان هەبووە، کە بچنە سەنگەر و ڕووەو دوژمن بووەستن و سنگیان بکەن بە قەڵغان و دڵیان بکەن بە سەنگەری بەرگری،چونکە شاعیر تروسکەی ڕۆشنایی کوردستانی لەچاوی گەنجان و لاوانی نەتەوەکەیدا بینیووە، بەڵام وەک لە شـــیعرەکانیدا بەدەردەکەوێت زۆر تامەزرۆی ئەوە بووە، کەبەشدارییەکی کاریگەری لەڕیسوا کردنی دوژمندا هەبێت و بەدەستی خۆی ئاڵای پیرۆزی نیشتمان لەسەر لوتکەکان بەرز بکاتەوە، بەچاوی خۆي ئازادبوونی نەتەوەکەی ببینێت، هەر بۆیە لەم شیعرەدا**دەڵێت:**

**ئاواتە خواز بووم لە دوای ڕۆژی ڕەش**

**بوکی ئازادی بگرمە باوەش**

**بچمە سەر لوتکەی چیای حەسارۆست**

**بانگ بدەم بەگوێی خزم و برا و دۆست** (ئەحمەد، 1998، ل50).

شـــــاعیر لەگەڵا ئەوەی کەچاوی کردووەتەوە و هەســـــتی بە دڕندەی داگیرکەر کردووە،چووەتەڕیزەکانی پێشمەرگە و شانبەشانی ئەوان ڕووە و دوژمن وەستاوە، بەڵام شاعیر گلەیی لە بەختی خۆی دەکات، کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەو ئەرکەپیرۆزە نەماوەتەوە تا ئەگەر شـەهید بوو، بەتەواوی توانیبێتی ئەو ئەرکەنیشتمانییەی لەسەر شانییەتی بە جێی بگەیەنێت، هەر بۆیە دەڵێت:

**نەژیام تا دڕکێک وەلا نێم لەڕێي**

**هاوڕێي پێشمەرگەم زامار نەبێیي**



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

**نەژیام هێند بکەم پێشمەرگایەتی**

**برا شەرم نەکا بڵێن، برایەتی**

* * *

**نەژیام کۆرپەیەک ناو بنێم، تۆڵە**

**بڕواتە شوێنم، با نەڵێن چۆڵە**

**نەژیام برازایەک، ناو بنێم ژیلوان**

**تا نەڵێن گەردوون بۆپیاو کوژی لوان**(ئەحمەد، 1998، ل44).

لەگەڵ ئەوەی شاعیر لای ڕوونە کەگیانی خۆی لەپێناو خاک و نیشتماندا بەخت دەکات و دەچێتە بەردەم پەتی سێدارە، بەڵام شاعیر لەخەم دایە، کە هێشتا تینوێتی لەپاراستنی خاک نەشکاوە، لەگەڵ ئەوەش ئاواتە خواز بووە، کەلەسەر خاکەکەی خۆي شەهید بووایە، بۆئەوەی دوا ساتەکانی ژیاني لەباوەشی نیشتماندا بووایە، بەڵام بەداخەوە کە ئەم ئاواتەشی وەک سەرجەم هیواکانی بەدەستی ڕەشی دوژمن لەناو بران .

شاعیر بەو تەمەنە کەمەی کە هەیبووە، خزمەتێکی گەورەی بەنیشتمانەکەی کردووە، وانەیەکی بەپێزی نەبەردی فێری تاک بە تاکی نەتەوەکەی کرد، کورد وتەنی ( کەم ژیا، بەڵام کەلاژیا ).

شاعیر لەبەرامبەر ئەو هەموو زەبر و ئەشکەنجەیە، بەڵام وێنەی داربەڕوو، دانی بە خۆیداگرت و بە هیچ هەڕەشەیەکی دوژمن لە بن نەهات، ئەو مردنی سەربەرزانەی پێ باشتر بوو لەژیانێکی سەر شۆڕانە، وەک خۆی دەڵێت:

**زامی ئەشکەنجە و بەند و کۆت و پەت**

**سەرم بۆ دوژمن نەوی ناکەم قەت**

**بۆیە کە دوژمن لێم ببێ بە دێو**

**پاڕانەوەم لێ نایەتە سەر لێو**

* * *

**مەردانەپێکی مردن ئەکەم نۆش**

**چش لەمن سەری هاوڕێیانم خۆش**

**بەڵام کە ئەمویست نەمرم بەگەنجی**

**کوردستان ئەیوت پێوستمەڕەنجی**(ئەحمەد، 1998، ل47).

وشەکان بەچۆکدادەکەون لە ئاستی وەسفکرنی ئەم شاعیرە شۆڕشگێڕەدا، زمانەکان لەگۆ دەکەون،لەکاتی باسکردنی نەبەردییەکانی ئەم مەردەدا، وێنەکان دەشێوێن لە کاتی نمایشکردنی دیمەنەکانی ئەم شەهیدەدا،لەکاتی نوسینی قارەمانێتی ئەم قارەمانەدامرەکەبی خامەکان یان تەواو دەبن یان نووکی خامەکە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

دەشـــکێت یان وشـــەکان خۆیان نادەن بەدەســـتەوەڕووداوەکانی ژیانی ئەم پێشـــمەرگە شـــەهیدە، تەنها لەچوارچێوەی خەیاڵ و ئەفسانەکاندا لەنگەر دەگرێت و خۆی دەنوێنێت.

## ئەنجام

دوای ئـــەوەی ئـــەم لێکۆڵینەوەئەدەبییـــەم تـــەواو کرد،گەیشـــتمە ئـــەم ئەنجامانـــەی لای خـــوارەوە، کەبەکورتی باسیان دەکەم:

1- ئەدەبی بەرەنگاری لەگەڵ سەرهەڵدانی داگیرکردن و زوڵم و ستەم لای گەلانی چەوساوە سەری هەڵداوە و گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانە کەخاوەن ئەدەبی بەرەنگارییە.

2- زمانی شـــیعری بەرەنگاری زمانێکی ســـادە و روونە بۆ ئەوەی ئەو پەیامەی هەڵی گرتووە بێ گرێ بگاتە هەموو خەڵک.

3- ناوەڕۆکی شـــیعری بەرگری کوردی واقعی گەلی کورد، لە هەموو پارچەکانی کوردســـتاندا بەرجەســـتە دەکات، بەڵام لەڕوی ڕووخســـارەوە لەســـەر نۆتەی خێراوکێشـــە ســـووەکەکان هۆنراوەتەوە، کە کاریگەری ڕاستەو خۆیەو سەروای هەمەجۆری بۆ بەکار هاتووە.

4- شـەهید مەلا عەلی بەو شـیعرانەی لەزیندان نوسـیویەتی کەپڕن لەگیانی بەرەنگاری بۆتە یەکێک لەشـاعیرە ئازادیخواز و گیانبەخت کردووەکان لەپێنا و ئامانجێکی پیرۆزدا.

5- شـــاعیر بەو شـــیعرانەی نوســـیویەتی راســـتگۆیی خۆی دەرخســـتووە بەرامبەر ڕێباز و ئامانجەکەی بێ پاکانەکردن لەرووی دوژمن.

6- لەمێژووی گەلی کورددا تاکە شـــاعیرە دوای ئەوەی بڕیاری لەســـێدارەدانی بۆ دەردەچێت بەو شـــیعرە شۆڕشگێڕیانە وەڵامی دوژمن دەداتەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

# Resistance poetry of shahid Mala Ali

**Abdulwahid Idrees Shareef**
Kurdish Language Department, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Abdulwahid.idrees@koyauniversity.Org

## Abstract:

This research dedicated to types of poem، it was written while he was prison، Firstly، we mentioned about definition and history type of resistance، secondly، we discussed about reasons of beginning this type of poetry، in a section we discussed about language and types of express and these topics that resistance poem expresses، and finally we discussed shortly of Shahid Mala Ali's life with some examples of his poem which it is full of resistant and victory، also we gained benefits from some sources.

**Keywords:** Resistance، Revolutionary، Hopefull، Freedom، Sacrifice.

# سەرچاوەكان

ئەبوبكر خۆشناو، شیعری بەرەنگاری كوردی، (1975–1991 )، چا، ڕوناكی، سلێمانی، 2002.

ئەرسەڵان بایز، ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزوتنەوەی شیعری كوردی، چا، ئۆفسی ڕوون،2001.

پەرێز سابر، رەخنەی ئەدەبی كوردی و مەسەلەكانی نوێكردنەوەی شیعر، چا، هەولێر 2006.

مەدحەت بێخەو، دیاری بۆ منداڵانی كورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2004.

حسین مولود ئەحمەد، دیوانی شەهید ملا علی، چ، سێیەم، 1998.

ژان پۆل سارتر، ئەدەب چییە؟، چاپ، دهۆك، 2009 ل1.

شێركۆ بێكەس، دیوانی شێ ركۆ بێكەس بەرگی یەكەم، چا، سەردەم، سلیمانی ل 23.

عبدوالواحید ایدریس شریف، سرود و گۆرانی نیشتمانی بەرەنگاری كوردی لە كرمانجی خواروودا،

چ،یەكەم،چا،وەزارەتی پەروەردە، 2005 ل12.

عبدلواحید ئدریس شەریف، هۆنراوەكانی هونەرمەند و پێشمەرگە حەمە جەزا، چا،سەردەم، سلێمانی، 2010.

عبدولواحید ئیدریس شریف، وەرزە بێنەوازەكان، چا، حاجی هاشم، هەولێر 2009 ل 133.

عەبدوڵلا ئامێدی، هۆنراوەی بەرگری لە بەرهەمی چەند شاعیرێكی كرمانجی سەرودا، چا،وەزارەتی پەروەردە، هەولێر 2005.

عومەر عبدولرحیم، سرودی نوێ بۆ قوتابیان، چا، ڕاپەڕین، سلێمانی، 1971، لا 38.

كامیل حەسەن بەصیر، ویژەی كوردی و رەخنە سازی، چا،"دار الجاحز، بەغداد 1991.

كمال معرف، ئەدەبیاتی كلاسیكی نوێخوازی كوردی، چا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، 2003.

مەلا عەلی، یادی قەندیل، چ بەهەست، سلێمانی, 2018.

هەژار موكریانی، فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە،چ، یەكەم، تهران 1368.

هەڤال ئەبوبكر، ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی كوردی، چا، تیشك، سلیمانی،2002.

ئەمیر حسن پور، پێنوس و شمشێر، و، ئازاد سدیق محمد، گ، ئیستا، ژ،(8)،1997.

كەریم شارەزا،سەرهەڵدانی شیعری سیاسی كوردی لە نێوان خانی و حاجی قادری كۆیدا، گ، نووسەری كورد، ژ،(9) ، 1982.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021

مارف خەزنە دار، ڕژانی ئەستێرەیەکی برشنگدار، گ، هیوا، ژ(3).

هاوڕێ س، دلۆپێ خوێن، گ( گزنگ ) ژ(3) 1983

هێمن جمال، گ، کەکۆن، کۆیە، ژ،(32)2014.

حیکمەت محمد کریم، پەسەندي لاوکی هەڵەبجە، گ، پاشکۆی ئالای شۆڕش، ژ، 6، ل16.

عیزەدین مستەفارەسوڵ، ناوەرۆکی سیاسی و کۆمەلایەتی، کاروان، ژ،19 هەولێر 1984.

عبدوللا ئاگرین، شیعری سیاسي کوردی لە باشوری کوردستان، نامەی ماستەر،ز،سەلاحەدین، چ/یەکەم،1996.

ئازاد عبدولواحید کریم،نویکردنەوە لە شیعری کوردیدا، نامەی ماجێستەر لەزانکۆی ئیبن روشد، بغداد، 1995.

چاوپێکەوتن لەگەل م/ ئیسماعیل احمد، شارەزا لە مێژووی نوێی ئەوروپا و ئاسیا، کۆیە، 12 /1 /2014.

چاوپێکەوتن لەگەل م.عبدولکریم مولود ئەحمەد، برای شاعیر، 20 /3 /2015.

ادۆنیس، زمن شیعر، ت، دار عودە، بیروت، 1972.

جان بول سارتر، ادب ملتزیم، ت، جورج ترابشی، بیروت، دارلاداب 1965.

غالی شوکری، ادب المقاومە، بیروت، دار الافاق جدیدە، 1979.

د. قصي الحسين, الموت والحياة في شعر المقاومة.

دار الفارابي, المقاومة في الادب السوفيتي, دراسة والمختارات 1939-1945.

منير البعلبكي ، قاموس المورد ( انگليزي– عربي ) بيروت ، دار العم للملايين ، الطبعه ۱۹۹۹

دکتر محمد معین ، فرهنگ فارسی معین ، جلد ٤ ، تهران ، امیر کبیر ، ۱۳۷۸.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(8).No(2).Paper_15 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.8. No.2,June.2021